شێرپەنجەی سورێنچك

دکتۆر بەختیار سادق



شانەزانی سورێنچك (Histology): بەگشتی سورێنچك لە رووکەشە شانەی پولەکەیی (Squamous epithilium) پێك دێت، کە دیواری هەناوی سورێنچکی داپۆشیوە.

توێکاری سورێنچك (Anatomy): سورێنچك ئەندامێکی لوولەیی یە، کە درێژییەکەی نزیکەی (10 ئینجە) (25 سم)، کەلەسەرەوە بەردەوامە لەگەڵ بەشی قوڕقوڕاگەی گەروودا، کە بەرامبەرە لەگەڵ شەشەم بڕبڕەی ملدا، پاشان بەناوپەنچکدا (Diaphragm) تێپەڕ دەبێت هەتا لەخوارەوە لەئاستی بڕبڕەی سنگی ژمارە (10) دا لەگەڵ گەدەدا یەکدەگرێت.

لەملدا بەبەردەم پەیکەری ئێسکی بڕبڕەکاندا تێپەردەبێت، لەلاوە پەیوەندبەلۆبەکانی رژێنی دەرەقی thyroid gland، لە پێشەوە نوساوە بەبۆری هەواو دەماری قورقوراگەی دووبارە بووەوە (Recurrent Laryngeal nerve).

لەسنگدا، بەرەو خوارەوە دەڕوات بۆلای چەپ بەناو بەشی سەرەوەو پشتەوەی ئەو بۆشاییەی سنگدا، کەدڵ

ESO

phageal tumour

و هەمـــوو ئەندامەكانـــی دی لەخـــۆی دەگرێت جگە لـــە ســـییەكان (Superior and posterior mediastinum).

لە ئاستی گۆشـــەی ئێسكی كۆڵەی سنگدا (Sternal angle)،پێچی‌شاخوێنبەر (Aortic arch) پاڵ‌بەسورێنچكەوە دەنێت بۆ هێڵی ناوەراستی لاشە.

سەرچاوەی خوێنی سورێنچك

(Blood Supply of esophagus)

ســـەرچاوەی خوێنی ســـورێنچك دابەش دەبێت بۆ سێ خوێنبەری سەرەكی:

1. بەشـــی ســـەرەوەی Upper third بە خوێنبەری خـــوارەوەی رژێنـــی دەرەقـــی inferior thyroid artry پڕدەكرێتەوە.
2. بەشـــی ناوەراســـتی Middle third بە لقەكانی شاخوێنبەری خوارەوەبووی ســـنگ Descending thoracic aorta پڕ دەكرێتەوە.
3. هەرچی بەشـــی خوارەوەشە (Lower third) بە لقەكانی خوێنبەری چەپی گـــەدە (Left gastric artry) پڕ دەكرێتەوە.

خوێنهێنەرەكانیش هاوتا لەگەڵ خوێنبەرەكانیاندا خوێنی پڕ دوانۆكسیدی كاربۆن دەگەڕێننەوە بۆ دڵ.

سەرچاوەی لیمفی سورێنچك

(Lymphatic drinage of esophagas)

سەرچاوەی لیمفی سورێنچك دابەش دەبێت بۆ:

قوڵە گرێـــی مـــل (Deep cervical node)، گرێی سەرەوەو پشتەوەی ئەو بۆشاییەی سنگ كە دڵ و ئەندامەكانی دی لە خۆ دەگرێت جگە لە سییەكان.

(Superior and posterior mediastinal node)،

هەروەها ئەو چەند گرێیەی كە بە درێژایی لوولە خوێنەكانی لای چەپی گەدەدا دەڕۆن و گرێی سیلیاك (Celiac node)، ئەم ســـێ كۆمەڵە گرێیە بۆ بەشی سەرەوەو ناوەڕاست وخوارەوەی سورێنچكن یەك لەدوای یەك.

سەرچاوەی دەماری سورێنچك:

(Nerve supply of esophagus)

بلاو بوونەوەی دەماری لە سورێنچكدا بریتی یە لە كۆئەندامی دەماری سیمپەساوی و تەنیشتە سیمپەساوی (Sympathatic and parasympathatic nervous system)، بـــەلام لەبەشی خوارەوەدا سورێنچك بەشەبەكەی دەماری سورێنچك (Esophageal nerve plexus) دەوردەداوە.

نابێـــت ئـــەوە لەیاد بكەیـــن كە پێكهاتەی شـــانەی سورێنچك وا هەڵكەوتووە لە كۆرپەلە زانیدا، كە چەند تەسك بوونەوەیەكی‌تێدایە(Constriction)،كەبەفسیۆلۆژی‌ولایەنی توێـــكاری دادەنرێـــت (Anatomical and physiological constriction).

دەربارەی شـــێرپەنجەی كۆئەندامی هەرس، ساڵانە لە ویلایەتـــە یەكگرتووەكانی ئەمریـــكادا 226.300 حاڵەتی تـــازەو، 130.000 حاڵەتی مـــردن تۆماردەكرێـــن، بێگومان ئەم شـــێرپەنجەیەی كەباس دەكرێت شـــێرپەنجەی پیســـی كۆئەندامـــی هەرســـە Malignant tumour شـــێرپەنجەی سورێنچك بە 20٪ ی شێرپەنجە تازەكانی هەناو دەژمێردرێت، هـــۆكاری لـــە 23٪ مردنـــە بـــە شـــێرپەنجە لـــە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا كە رێژەكە لە پیاواندا زیاترە وەك لـــە ژناندا (3-4: 1)، بە شـــێوەیەكی رێژەیی لە كوردســـتاندا بلاوەو زیاتر لە ژنان و كچاندا بلاوترە، شێرپەنجەی سورێنچك دووجۆرە، شێرپەنجەی پاك (Benigntumour)، شێرپەنجەی پیس (Malignant tumour).

رێژەی روودانی شێرپەنجەی كۆئەندامی هەرس لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا (1999)

جێگەی سەرەتای شێرپەنجەكە	رێژەی حاڵەتە تازەكان	رێژەی مردن بە شێرپەنجە	رێژەی نێر بۆ مێ
سورێنچك	6 حاڵەت	9 حاڵەت	1 : 3
گەدە	10 حاڵەت	10 حاڵەت	3 :5
ریخۆڵە باریكە	2 حاڵەت	1 حاڵەت	1 :1
كۆلۆن	42 حاڵەت	36 حاڵەت	6 :5
رێكە (rectum)	15 حاڵەت	7 حاڵەت	4 :5
جگەر و جۆگەی	10 حاڵەت	13 جاڵەت	5 :7
زراو	13 حاڵەت	22 حاڵەت	1 :1
پەنكریاس	2 حاڵەت	1 حاڵەت	2 :1
بەشەكانی دیكەی كۆئەندامی هەرس تێكڕا (Total)	100 حاڵەت	100 حاڵەت	1 :1

دەربارەی جێگەی سەرەتای شێرپەنجەی جگەر و جۆگەی زراو، نزیکەی 20٪ شێرپەنجەی سەرەتای جگەر، لە 35٪ شێرپەنجەی جۆگەی زراو و، لە 45٪ شێرپەنجەی تورەکەی زراوە ڕێژەی نێر بۆ مێ لێرەدا 2:1 بۆ شێرپەنجەی جگەر و جۆگەی زراو و، 1:5 بۆ شێرپەنجەی تورەکەی زراو (Gallbladder cancer)

شێرپەنجەی پاکی سورێنچك

(Benign tumour of esophagus)

ئەم شێرپەنجەیە زۆر بڵاو نییە، ئەم لووانە نابینرێت بەڵكو لەپڕ لەکاتی گەڕان بۆ ناتەواوی و نەخۆشیەکانی دی دەبینرێت و دەدۆزرێتەوە.

لووی لووسە ماسولكەیی (Leiomyoma)

سورێنچك: بە بڵاوترین لووەکانی سورێنچك (لووە پاکەکان) دەژمێردرێت، لە 6٪ هەموو لووە لووسە ماسولكەیەکانی کۆئەندامی هەرسە، 2.4٪ لە سەرچاوە فرەکانەوە (Multiple origin) پەیدا دەبێت، بەشێوەیەکی گشتی لە پیاواندا زیاترە وەك لە ژناندا (2:1)، لە تەمەنی 44 ساڵیدا زیاتر دەردەکەوێت، بە تێکرایی لە نێوان ساڵانی (12 ـ 80) ساڵیدا دەردەکەوێت.



دەگرێتەوە: لووی ڕیشاڵی لولەیی خوێن (Fibro vascular polyp)، لووی پاکی لووسە ماسولکە (Leiomyoma)، دوومەڵ یان لووی شێوە گۆیی (Papilloma)، لووی چەوری (Lipoma)، لووی ڕیشاڵی دەماری (Neuro fibroma)، شێرپەنجەی تەنۆلکە خانەکان (Granular cell tumour).

کاتێك ئەم لولانە گەورە دەبن دەبنە هۆی نارەحەت قوتدان (cdysphagia) یان ئازاری سنگ (chest pain) بەهۆی داخرانی بۆشایی سورێنچکەوە بەشێوەیەکی ئاسایی

بەگوێرەی شوێنی لەخوارەوە یان سەرەوەی سورێنچکدا دەکرێت بەم جۆرانەی خوارەوە:

- بەشی سەرەوەی سورێنچك ← 11٪
- بەشی ناوەڕاستی سورێنچك ← 33٪
- بەشی خوارەوەی سورێنچك ← 56٪

بەگوێرەی شوێنی لە دیواری سورێنچك یان دەرەوەی دیواری سورێنچك دەکرێت بەم جۆرانەی خوارەوە:

- لە دیواری سورێنچکدا (97٪ ← intramural

■ لووەکە لەو بۆشاییەی سنگدایە کە دڵ و ئەندامەکانی دیکەی لەخۆ گرتووە جگە لە سییەکان (1٪ ←Mediastinum).

⋆ گەشەی لووەکە بۆ ناو میدیا ستانیەم (1٪ ← Mediastinum).

قەبارەی ئەم لووانە (2 ـ 5 سم) و کێشەکەشی لە 1 کگم زیاترە، ژمارەی لووەکانیش زۆرن، لەگەڵ رەق بوونیان (Calcified) و دەورە درانیان بە کەپسولێك لە خاسیەتە جیاکەرەوەکانی ئەم لووانەن سەبارەت بە مەترسی گۆرانی ئەم لووانە بۆ شێرپەنجەی پیس ترسناکیان دەگمەنە.

نیشانەکان (Clinical feature): زیاتر لە 50٪ ی نەخۆشەکان بێ نیشانەن، یاخود بێ گرفت و کێشەن (Asymptomatic)، نارەحەت قوتدان بۆ ماوەیەکی زۆر (Longterm dysphagia)، نارەحەت قوتدانی پەرەسەندووی ناو بەناو (Progressive and intermittent dysphagia)، بوونی ئازارێکی زۆری سنگ (Chest pain) لە لای چەپدا، کە ناتوانرێت لێکبدرێتەوە و بزانرێت کە هۆکارەکەی چی یە؟! لەگەڵ ئەوەشدا بوونی دڵە کزە (Pyrosis).

کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر سورێنچك (Complications)

کاریگەرییە خراپەکانی گەرمی بلاونین، بەلام ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

■ خوێن بەربوون (Hemorrhage).

■ زامدارکردن و رووشانی هەناو (Erosion of esophagus).

دیاریکردنی ئەم لووانە:

■ رێگەی تاقیکردنەوە بە ماددەی باریۆم (Barium swallow) ئەمەش بە بینینی ناتەواوی هیلالی لووس و بریقەدار (Smooth crescent defect) لە پێکهاتەی بۆشایی ناو سورێنچکدا.

■ **هەناو بینی سورێنچك** (Esophagoscopy): ئەمەش بۆ دڵنیابوون لە بارودۆخی هەناوی سورێنچك، بە بینینی پەڵەی بچوکی شانەی بۆ ناو بۆشایی سورێنچك، ئەمەش بۆ ئەوە نا کە نمونەی شانەی زیندوو (Biopsized) وەربگیرێت (چونکە ئەوە مەترسی خوێن بەربوونی هەیە).

■ سی ـ تی سکان (CT-Scan).

■ وێنەگرتنی تیشکی شاخوێنبەر (Aortography)، ئەمەش بە مەبەستی دیاریکردنی ناتەواوییەکانی پێچی شاخوێنبەر (Aorticarch).

بەرێوەبردن و چارەکردنی نەخۆشیەکە (Management):

1. لابردنی لووەکە لەرێگەی سنگەوە (Transthoracic enucleation)

ــ کردنەوەی لای راستی سنگ (Right thoracotomy) بۆ لووەکانی سەرەوەو ناوەراست.

ـ کردنەوەی لای چەپی سنگ (Left thoracotomy) بۆ لووەکانی بەشی خوارەوەی سنگ.

ـ دەرهێنان و لێکردنەوەی سورێنچك (Esophageal resection) بۆ ئەو لووانەی کە زۆر گەورەن و، بۆ دیاریکردنی چوار دەوری لووەکەش.

ــ لابردنی لووەکە بەهۆی هەناو بینی یەوە (Endoscopical enadeation) هەرچەندە رۆڵێکی گەورەی نییە، بەتەنها بۆ ناتەواوییە گەندەییەکان (pedunculated)، و لووی یەکان (Polypoid) بەکاردەهێنرێت، بەلام مەترسی کون بوون و دیوە دەرکردنی (Perforation) سورێنچکی هەیە.

شێرپەنجەی پیسی سورێنچك

(Malignant tumour of esophagus)

هۆکارەکان و پرۆسەی بەرێوەچوونی شێرپەنجەی سورێنچك (Etiology and pathogenesis): ئەم جۆرە شێرپەنجەیە دوو جۆر دەگرێتەوە: شێرپەنجەی خانە پولەکەییەکان (SCC) (Squamous cell carcinoma) و، رژێنە شێرپەنجە (AC)(Adeno carcinoma) دەگرێتەوە کە بەبلاوترین و گرنگترین شێرپەنجەی سورێنچك دەژمێردرێت.

پێویستە لەهەر حاڵەتێکی نارەحەت قوتداندا (Dysphagia) دابنرێت و بکرێت، بەشێوەیەکی گشتی لە جیهاندا لە ژناندا کەمترە، لەوانەشدا بلاوە کە مەی و ئەلکهول دەخۆنەوە و جگەرە دەکێشن، لە 20٪ لەبەشی سەرەوەدا

ڕوودەدات، 50٪ لە ناوەڕاست و لە 30٪ لەبەشی خوارەوە ڕوودەدات، لەوانەیە شێرپەنجەکەش لە جۆری پولەکەی یان ڕژێنی بێت.

شێرپەنجەی پولەکەیی سورێنچك، بەلەپێشترینی شێرپەنجەکانی بانتوی ئەفریقاو، باشووری ئەفریقاو، یابان و، چین و روسیاو سکوتلەنداو، هەروەها هەرێمی کاسپیانی ئێران دەژمێردرێن.

ڕێژەی یان مەودای یان پلەی ڕوودانی (incidence) شێرپەنجەی پولەکەیی سورێنچك دەگۆڕێت لە 100 – 200 جار لە نێوان دانیشتوانە جیاوازەکاندا کەلەناوچەیەکی جوگرافی هاوسنووردا دەژین.

ئەو ماددانەی دەبنەهۆی شێرپەنجە (Careinogens):

1. بەکارهێنانی جگەرەو ئەلکهول بۆماوەیەکی زۆر پلەی ڕوودانی هەردوو شێرپەنجەکە، شێرپەنجەی پولەکەیی و ڕژێنە شێرپەنجە (Squamous and adenocaranoma) زیاد دەکەن.

2. تووشبوون بەو ڤایرۆسەی کەدەبێتەهۆی لووی شێوەگۆیی لە مرۆڤدا (Human Papillomavirus) زیاتر هاوڕێیە لەگەڵ شێرپەنجەی پوولەکەییدا.

3. هۆکارە خۆراکییەکان: ئەوانەی کەنزیکە ببنەهۆی شێرپەنجەی پولەکەیی ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ. ئەو ڕووەکانەی کەلەخۆڵی پیس بوو بەمۆلیبدینەم (molybdenum)دا گەشە دەکەن، کەوا دەکات ناوەڕۆکی ئەو ڕووەکانە ڤیتامین – C یان کەم بێتەوەو ئەمەش دەبێتەهۆی زیادبوونی لە ڕادەبەدەری خانەکانی هەناوی سورێنچك(Hyperplasia)، کەلەدواییدا دەبنەهۆی شێرپەنجە.

ب. زیادبوونی ڕێژەی نایترەیت (Nitrate) لەئاوی خواردنەوەدا، دەفری شۆربا کەنایترەیتی تێدا دەنیشێت.

ج . ئەو خۆراکانەی کە کەڕوویان تێدایە بەتایبەت جۆری جیۆتریکەم کاندیدەم (Geotrichum candidum)، و جۆری ئەسپەرجیلەس (Aspergillus).

د. نان، بەتایبەت گەرکاتی نانکردنەکە لەهەفتەیەکدا جارێك بێت، کاتێك دەخورێت کەکەڕواوی بووە.

و. پێرسیمۆنی وشك (Dried persimmons)، خواردنێکی ڕەقە کەهەناوی سورێنچك زامدار دەکات لەکاتی خواردندا، ئەم خۆراکە زیاتر لە چین بەکاردێت.

هۆکارە ڕێخۆشکەرەکان بۆ شێرپەنجەی پولەکەیی سورێنچك: (Predisposing footors for Squamous Cell Carcinoma):

1. کۆنیشانەی هۆویل–ئیڤانس (Howel–Evens Syndrome) کە بریتی یە لە ڕەق بوونی یاخود نەخۆشی زیاد لە ڕادەبەدەری ماددەی کیراتین (Hyperkeratosis) لەناو لەپی دەست و ژێر پێ، کەنەخۆشییەکی بۆماوەیی دەگمەنە، بەشێوەی نیشانەی مەندلی زاڵ دەگوێزرێتەوە (Meodelian dominant trait) بەنزیکەی 40٪ ئەوانەی ئەم نەخۆشیانەی هەیە تووشی شێرپەنجەی سورێنچك دەبن.

2. تەسك بوونەوەی لای (Lye stricture)، ئەو نەخۆشانەی کەئەم نەخۆشییەیان هەیە بەرێژەی 30٪ تووش دەبن.

3. ئەوانەی کە ئەکەلەیزیای سورێنچك (Esophageal achalasia) یان هەیە، بە ڕێژەی 30٪ تووش دەبن.

4. ئەوانەی وێبی سورێنچك (Esophageal Web) یان هەیە، بەرێژەی 20٪ تووش دەبن.

5. کۆنیشانەی پلەمەر–ڤینسن (Plumer-Vinson Syndrome)، ئەوانەی ئەم کۆنیشانەیان هەیە، کەم خوێنیان هەیە بەهۆی کەمی ئاسن لە خوێن دا (Iron deficiency anaemia)، هەروەها نارەحەت قوتدان (Dysphagia) کەبەهۆی وێبی سورێنچك و هەوکردنی زمان (glossitis) وە پەیدا دەبێت، ئەمەش بە ڕێژەی 10٪ دەبێتەهۆی شێرپەنجەی سورێنچك.

6. سورێنچکی کورت (Short esophagus)، ئەوانەی ئەم حاڵەتەیان هەیە بەرێژەی 5٪ تووش دەبن.

7. هەوکردنی سورێنچك کەبەهۆی ئاوگی هەرسەوە پەیدا دەبێت (Peptic esophogitis) ئەمانەش بەرێژەی 1٪ تووش دەبن.

8. ئەو بارانەی دی کەهاوتان لەگەڵ شێرپەنجەی پولەکەیی سورێنچکدا وەك:

أ. ئەو نەخۆشانەی کە شێرپەنجەی سەرو ملیان هەیە(Head and neck cancer).

ب. ئەو نەخۆشانەی کەنەخۆشی گەنمە(Celiac disease) یان هەیە.

ج . هەوکردنی سورێنچکی درێژخایەن (Chronic esophagitis) بەبێ سورێنچکی باریت (Barretts esophagus).

د. زامداربوونی سورێنچك بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمییەوە، بەهۆی خواردنەوەی چا یان قاوەی کوڵاوی گەرمەوە لە رووسیاو چین و رۆژهەڵاتی ناوەراست.

هۆکارە رێخۆشکەرەکانی رژێنە شێرپەنجە

(Predisposing factor for adenocaranoma):

1. سورێنچکی باریت (Barretts esophagus)

بریتی یە لە گۆران و جێگرتنەوەی، رووکەشە شانەی پولەکەیی سورێنچك بە رووکەشەشانەی ستوونی ریخۆڵە (Columnar epithilium).

أ. رژێنە شێرپەنجە لەگەڵ سورێنچکی باریت بەو شێرپەنجەیە دادەنرێت کە پلەی روودانەکەی زۆر بەخێرایی زیادەکات لە جیهاندا، بەڵام بەتایبەتی لە پیاوە سپی پێستەکاندا.

ب. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، پلەی روودانی رژێنە شێرپەنجەی سورێنچك لە ساڵی (1970) وە بەرێژەی (6-7) ئەوەندە زیادی کردووە، بەڵام ئەو نەخۆشانەی کە سورێنچکی (باریت) یان هەیە بە رێژەی (30 – 125) ئەوەندە مەترسی تووشبوونیان بەرژێنە شێرپەنجە هەیە، بەبەراورد بە تێکرایی دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

2. قەڵەوی (obesity).

3. هەوکردنی سورێنچك بەهۆی گەرانەوەی ترشەڵۆکی گەدەوە (Reflux esophagitis).

شانەزانی شێرپەنجەکە (Histopathology):

شێرپەنجەی پولەکەیی بە 98٪ ی شێرپەنجەی سورێنچك دادەنرێت لەبەشی سەرەوەو ناوەراستی سورێنچکدا، ئەوەی دەمێنێتەوە رژێنە شێرپەنجەو،

شێرپەنجەی بەستەرشانە (Sarcoma) (Connective tissuetumour)

و شێرپەنجەی خانە بچوکەکان (Small cell Carcinoma) و، شێرپەنجەی گرێ لیمفییەکان (Lymphoma).

لەبەشی خوارەوەی سورێنچکدا، رژێنە شێرپەنجە بە هێواشی بڵاوترەو لەبەردەوامی رووکەشەشانەی ستونی گەدەوە بۆناو سورێنچك (سورێنچکی باریت) وە پەیدا دەبێت، یان لەوانەیە درێژەوەبووی رژێنە شێرپەنجەی گەدە (gastric adenocarcinoma) بێت.

شوێنی شێرپەنجەکە لە سورێنچکدا:

1. لە ملدا (Ceruical ٪10).

2. لەبەشی سەرەوەی سنگدا :(upper thoracic ٪40).

3.لەبەشی خوارەوەی سنگدا :(Lower thoracic ٪50).

کۆرسی نۆرینگەیی (Clinical Course):

شێرپەنجەی سورێنچك زۆر کوشندەیە، زیاتر لە 90٪ ی توشبووان بەهۆی نەخۆشییەکەوە دەمرن. نزیکەی 75٪ ی نەخۆشەکان توشبوونی گرێ لیمفییەکانی ئەو بەشەی بۆشایی سنگیان هەیە، کەدڵ و ئەندامەکانی تری تێدایە جگە لە سییەکان (Mediastinal nedal iNvoluement)، یان بڵاوبوونەوەی دووری شێرپەنجە (Distant metastasis)، مردن بەهۆی نەخۆشی لۆکاڵی (Local disease) یەوە روودەدات، کەدەبێتەهۆی بەد خۆراکی (Malnutrition)، سییە سۆ بەهۆی گەرانەوەی ترشەڵۆکی گەدە بۆناو سییەکان (Aspiration Pnuemonia).

دیاریکردنی نەخۆشییەکە (Diagnosis):

1. ئەو نیشانانەی نەخۆش و پزیشك هەستیان پێ دەکات (Symptoms and signs) نارەحەت قوتدان (Dyphagia) بڵاوترین نیشانەیە، لەسەرەتادا نەخۆش ناتوانێت خواردنی رەق قووت بدات و پاشان ناتوانێت شلەش بخواتەوە.

نیشانەکان بەدەگمەن پەردەسێنن هەتا بۆشایی سورێنچك تەسك دەبێتەوەو بڵاوبوونەوەی دوور روودەدات،ئازار لەوانەیە هەبێت یان نەبێت. پزیشکەکان لە پشکنینەکاندا

(Physical finding) سەرەرای لاوازبوونێکــی زۆر(Cachexia)، و بەردەســت کەوتنی یــان گەورەبوونی لیمفە گرێی ســەروو ئێســکی چەلەمــە (Palpable Supraclavicular lymphnode)، بەدەگمەنیــش گەروەبوونی جگەرو ســپڵ (Hepatosplenomegaly) هەست پێدەکەن.

2. رشــتەکانی دیاریکردنــی نەخۆشــییەکە (Diagnostic Studies):

أ. رشتە سەرەتاییەکان (Preliminary Studies) کە پشــکنینەکان (Physical finding) و، تێکرای ژمارەی هەموو خوێن (Complete blood count) CBC، تێستی فرمانی جگەر (Liver function test) LFTs، تیشکی سنگ و هەناوبینی سورێنچك و تیشکی وێنەگرتنی سورێنچك پاش قوتدانی ماددەی باریۆم (Ba- esophagogram) دەگرێتەوە. هەروەها فلچەکردنی شوێنی ناتەواویەکە (Brushings) بۆ وەرگرتنی بەشــێکی شــانەی زیندووی ناتەواوییە کە لەژێر هەناوبینی دا(Biopsy).

ب. **سی ـ تی سکان** (CT – Scan): ئەمەش قۆناغ کردنی (staging) نەخۆشیەکەمان پیشان دەدات و، دەتوانێت پێشبینی بلاوبوونەوەو داگیرکردنی دووری شێرپەنجەکەمان بۆ دیاری بکات بۆ شــوێنەکانی دی، کە 90٪ بۆ شــاخوێنبەر (Aorta) و، لــق و پۆپەکانی بۆری هەوای ســەرەکی و بۆریە هەوایە چــەپ و راســتەکان (Tracheobronchial tree)، پــەردەی دەوری دڵ (تامــور) (pericardium)، جگــەر (Liver) و، رژێنەکانی ســەر گورچیلە (Adrenal gland)، 85٪ بۆ لیمفەگرێکانی ناوسك (Abdominal node)، 50٪ بۆ لیمفە گرێکانی تەنیشتی سورێنچکە (Paraesophageal lymphnode).

ج. **هەناوبینــی ـ ســۆنار** (Endoscopic – ultra sound): تەواوترو باشترە لە سی ـ تی سکان (CT – Scan) بۆ خەملاندنی قوڵی بلاوبوونەوەی شێرپەنجەکەو لیمفە گرێ تەنیشتەکانی سورێنچك. وەرگرتنی شانەی زیندوویی بەسەر سورێنچکدا (Trans esophageal biopsy) بۆ نمونەی شــانەیی (Sample) لیمفــە گرێــی گەورەبــوو گونجاوترە لەژێــر رێنمونی هەناوبینــی ـ ســۆناردا (Endoscopical ultrasonic guidance).

د. **ناوسك بینی** (Laparoscopy):

ئەمەش بلاوبوونەوەی شێرپەنجەی ژێر ناوپەنچك (Subdiaphrag matic) دەخەملێنــێ و، رێگەی بۆشــایی پەردەی ســك (Peritoneal) و، جگەرو، لیمفەگرێکان دیاری دەکات.

لەو نەخۆشانەی کەچارەسەری کیمیایی و چارەسەری تیشکی (Ohemo – and radiotherapy) یان وەرگرتووە، گەر پێش نەشتەرگەری (Preoperatively)، یان لەجێگەی نەشــتەرگەری (Lieu of surgery) دابێــت، دەتوانرێــت بەکاربهێنرێــت. هەروەها لەکاتی دانانی بــۆری بۆناو دووەم بەشی (Jeujenum) ریخۆڵە باریکە (Jeujenostomy).

بەمەبەســتی خۆراك پێــدان لەرێگــەی ریخۆڵەوە (Enteral alimentation)، لەو کاتانەدا ناوسك بین نۆرینگە یانە (Clinicaly) سوود بەخشە.

ناوســنگ بــین (Thoracoscopy) دەتوانرێــت بەکاربهێنرێــت لــەو نەخۆشــانەی کەبلاوبوونــەوەی شــێرپەنجەکەیان هەیــە لەناوســنگدا (Intrathoracic dissemination)، بۆئــەوەی بەتــەواوی و بەگشــتی دەربهێنرێت.

ع. **بــۆری هەوابــین** (Bronchoscopy): بــۆ شــێرپەنجەکانی بەشی ســەرەوە یان ناوەراســتی سورێنچك بەکاردێت، دەتوانێت درێژبوونەوەی راستەوخۆی شێرپەنجەکە (Direct extension) بۆ لق و پۆپەکانی بۆری هەوای سەرەکی و بۆرییە هەواییە چەپ و راستەکان (Tracheobronchial tree) دیــاری بــکات، لەگەڵ بوونی شــوێنی یەکەمی یاخود سەرەتای شێرپەنجەکە لە هەمان کاتدا.

سیســتمی قۆناغ کردن و هۆکارەکانی پێش بینی (Staging System and prognostic factor):

پۆلێنی قۆناغ کردنی (TNM) ئێســتا گرنگە، ئەو نەخۆشــانەی لەگەڵ قۆناغــە زووەکانی نەخۆشــییەکەدان، بەتایبەت (No) و، (Mo) پێشبینی یەکی باشتری هەیە.

خوێنەرەکان دەبێت راوێژی پێشــکەوتوترین قۆناغ کردنی دەستی (Monual staging) بکەن، بەهۆی زۆر چاو خشاندنەوە بە سیستمی قۆناغ کردندا.

زۆربەی نەخۆشەکان دەمرن بەهۆی نەخۆشییەکانیانەوە لە ماوەی – دە – مانگی دیاریکردنی نەخۆشییەکەدا، ڕێژەی ڕزگاربوون لە مردن لەماوەی پێنج ساڵدا (5 - year sarvival rate) کەمترە لە 10٪، سەرەڕای گرتنەبەری هەموو هەوڵەکان بۆ چارەسەر کردن .

کۆتەڵ کردن و دیاریکردنی پێش وەخت

(Screening and early detection): لە چین کۆتەڵ کردنی لوو (بارستە) (Mass screening) بەکاردەهێنرێت کەپێی دەڵێن (باڵۆنی چینی)، کە بۆرییەکی درێژی تیرە بچوکە لەگەدەدا دادەنرێت، لەگەڵ باڵۆنێکدا کەداپۆشراوە بەماددەی نایلۆن، کە کۆتاییەکەی شێوە تۆڕییە. ئەم باڵۆنە تێپەردەکرێت بۆناو گەدە، هەوای تێدەکرێت، ئینجا بە درێژایی سورێنچک دەهێنرێتەوە دواوە، ئینجا ئەو خانانەی کەتایبەتن بەرشتەی لێکۆڵینەوەی خانەزانی (Cytologic Study) دەکرێتە ناو تۆڕی نایلۆنەکەوە. لە دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کۆتەڵ کردنی شێرپەنجەی سورێنچک کاریگەر نەبووە بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام لەو نەخۆشانەی کەتەسك بوونەوەی لای (Lye stricture) یان هەیە، یان سورێنچکی بارێت، کەلەمەترسی زیاتردان، پێویستە لەژێر کۆتەڵکردنی خولی هەناوبینی بەشی سەرەوەی کۆئەندامی هەرسدابن (Periodic screening upper endoscopy).

قۆناغ کردنی (TNM) لە شێرپەنجەی سورێنچکدا:

بڵاو بوونەوەی شێرپەنجەی سورێنچک ڕاستەوخۆیە، پاڵاوتنی ژێرهەناوە پەردەیی (Submucasal infilteration) وبڵاوبوونەوەی لۆکالی یان بۆ لیمفەگرێکان، یان لەدواییدا لەرێگەی خوێنەوە ڕوودەدات.

T= بریتی یە لە شێرپەنجەی قەتیس ماو لە شوێنی ناتەواوی یەکە.

T_1= کەلامینا پرۆپریا (Laminapropria) و چینی ژێر هەناوە پەردە (Submucosa) داگیر دەکات.

T_2 = داگیرکردنی چینی پرۆپریای ماسولکەیی (Muscularis propria) لەلایەن شێرپەنجەکەوە.

T_3= داگیرکردنی ڕووی دەرەوەی سورێنچك (Adventitia) لەلایەن شێرپەنجەکەوە.

T_4= داگیرکردنی ئەندامە تەنیشتەکانی سورێنچك لەلایەن شێرپەنجەکەوە.

N_x= لەم کاتەدا لیمفە گرێکان ناتوانرێت بخەمڵێنرێت.

N_o= لەم کاتەدا شێرپەنجەکە لەهیچ لیمفەگرێیەکدا بڵاو نەبوەتەوە.

N_1= لەم کاتەدا شێرپەنجەکە لە لیمفەگرێ هەرێمیەکاندا (Regional Lymphnode) بڵاوبووەتەوە.

M_o= لەم کاتەدا بڵاوبوونەوەی دوور ڕووینەداوە.

M_1= لەم کاتەدا بڵاوبوونەوەی دوور ڕوویداوە.

لەلایەکی دیکەوە خاڵێکی دی کە هەیە نابێت لەیادی بکەین، ئەویش ئەوەیە شلە لیمفی یەکانی بەشی خوارەوەی سورێنچك لەرێگەی دەرچەی سورێنچك لەناوپەنچکدا دەچێتەخوارەوە بۆ لیمفە گرێی سك (Celiac node) لە دەوروبەری خوێنبەری ناوسکدا (Celiac artry). لەبەرئەوە شێرپەنجەی پیسی (Malignant tumour) ئەم ناوچەی سورێنچك بەرەو بڵاوبوونەوە دەڕوات لەوناوچەیەی خوارەوەی ناوپەنچکدا بەدرێژایی ئەم ڕێرەوە. لەئەنجامی ئەوەوە لەکاتی نەشتەرگەری ئەم شێرپەنجەیەدا دەبێت بەتەنها شوێنە سەرەتاییەکە یان یەکەمییەکە دەرنەهێنرێت و ئیتر تەواو، بەڵگە دەبێت هەموو ئەو ناوچانە دەربهێنرێت کە لیمفە شلە لەم لیمفە گرێیەوە (Celiaclymph node) وەردەگرن، واتە لەلیمفەگرێی ناوسك وەك گەدەو نیوەی سەرەوەی دوانزەگرێ و، سپڵ و ئۆمێنتا (Omenta)، قەرەبووکردنەوەی بەردەوامی کۆئەندامی هەرس فەراهەم دێت بەدانانی بۆرێچکەی تایبەتی بۆ گواستنەوەی خۆراك بۆ سورێنچك و دووەم بەشی ڕیخۆڵە باریکە (Jeujenum).کە پێی دەڵێن (Esophageo jeujenostomy).

لەگەڵ ئەوانەی سەرەوەدا بۆدیاریکردنی (Diagnosis) نەخۆشییەکە پێویستە ئەمانەی دیکەش ڕەچاوبکەین:

1. نارەحەت قوتدانەکە پێویستی بەتاقیکردنەوەی باریۆمی (Double contrast Ba-) هەیە.
2. وەرگرتنی نمونەی شانەی زیندوو (Biopsy) ی بینراو (Visible)، لەوانەیە تەنها هەوکردن (Inflamation) پیشان بدات، لەبەرئەوە پێویستە (6-9) جار ئەم نمونەیە

وەربگیرێتەوە.

3. یەکەمجار کە شێرپەنجەکە تێبینی دەکرێت، پێویستە بڵاوبوونەوەی لۆکاڵی شێرپەنجەکە هەڵبسەنگێنرێت، توشبوونی لیمفە گرێکانی ئەو بۆشاییەی سنگ کە دڵ و پاشماوەی ئەندامەکانی دیکەی تێدایە جگە لە سییەکان (Mediastinal nodal involvement) و بڵاوبوونەوەی بۆ جگەر هەنگاوێکی بنەرەتی یە بۆ قۆناغکردنی شێرپەنجەکە (Staging) لەپێش بریاری چارەسەردا.

4. کۆکە دوای خواردنەوەی شلە (Couahging) بەهۆی بەنزیکەی تەواو داخرانی بۆشایی سورێنچکەوە، لەگەڵ چونە ژوورەوەی شلە بۆ قورقوراگە، یاخود بەهۆی کەناڵە پەیوەندی بۆری هەوا ـ سورێنچکەوە (Tracheo esophageal fistula) دەبێت.

5. رشانەوەی خوێناوی (Hematamesis)، دەنگ نوسان (Hoarseness) لەرێگەی توشبوونی دەماری قورقوراگەیی دووبارەوەبووە (Recurrent laryngeal nerve)، لەلایەن شێرپەنجەکەوە نیشانەیەکی نائاساییە، بەرزبوونەوەی شێوە دەهۆڵی نینۆکەکانی پەنجە (Nail Clubbing)، دەتوانرێت لە هەردوو شێرپەنجەی پاک و پیسدا هەستی پێ بکرێت، دیاریکردنی نەخۆشی یەکە بەزوویی چانسی چارەسەرەکە زیاتر دەکات.

بەرێوە بردن و چارەکردنی نەخۆشیەکە (Management): چالاکی یان سەرکەوتوویی چارەسەری نەشتەرگەری و چارەسەری تیشکی جیاوازی زۆر هەیە بەگوێرەی ناوەندە پزیشکییەکان:

أ. **دەرهێنانی شێرپەنجە سەرەتاییەکەن**: ئەنجامی دەرهێنانی نەشتەرگەرییانەی شێرپەنجەی سورێنچك خراپە. رێژەی مردن لەکاتی نەشتەرگەریدا نزیکەی (5-10) ٪ یە.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، رێژەی 5- ساڵەی رزگاربوون لە مردن لەو نەخۆشانەی کە شێرپەنجەکەیان بۆ دەرهێنراوە کەمترە لە (20٪)، نەشتەرگەری قورس لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا رێگە پێدراوە، بە تایبەتی لە هەندێك لەو نەخۆشانەی کە شێرپەنجەی بەشی خوارەوەی سورێنچکیان هەیە.

لەچین، رێژەی رزگاربوون 5 ـ ساڵە لە مردن (85٪)، بۆ ئەوانەی لە سەرەتایەکی نزیکی نەخۆشیەکەدان، بەڵام بۆ ئەوانەی بەشێوەیەکی مامناوەند شێرپەنجەکە تیایانداگەشەی سەندووە (Moderately advance)، (35 ٪) ە. ئەم رێژە بەرزەی رزگاربوونی 5 ساڵە پێویستە بە ئاگادارییەوە لێکبدرێتەوە، چونکە لە واقیعدا بەشێوەیەکی تەواو دەستکەوتوو نییە لە دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، چونکە سیستمی کۆتاڵ کردن (Screening System) بە دەگمەن دەگیرێتە بەر.

ب. **ئەو چارەسەرانەی دەبنە هۆی کەم کردنەوەی ئازار و خوێن بەربوون لە سورێنچکی داخراودا** (Palliating an obstructed esophagus): ئەمەش جێ بەجێ دەبێت بەهۆی هەندێك پەیرەووەوە، رێگەی خۆراك پێدانیش دەدات لەرێگەی رێخۆڵەوە (Enteral nutrition)، ئەم رێگەیەش ئەمانە دەگرێتەوە.

1. **چارەسەری لەیزەر**: لەوانەیە خوێن بەربوون و داخرانەکە باش بکات، چارەسەری لەیزەری هەناو بینی (Endoscopic Lasertherapy).

رێژەی مردن (1٪) کەمترە، بەڵام فراوان کردنی پێش وەختی میکانیکی (Prior mechanical dilation) پێویستە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە چارەسەری سەرکەوتووی لەیزەری لەوانەیە پێویستی بەچەند هەناو بینی یەك هەبێت، دەتوانرێت لەسەر بنەرەتی نۆرینگەی دەرەوە (Outpatient elinic) ئەنجام بدرێت، هێشتا هەموو خەرجی یەکەی یان تێچونەکەی کەمترە لە چارەسەری نەشتەرگەری بۆ کەمکردنەوەی ئازار و خوێن بەربوون و داخرانی سورێنچك (Palliate surgery).

هەستیارکردنی تیشکی (Photosensitization) شێرپەنجەی سورێنچك بە بەکارهێنانی دەرزی لێوەرگیراوەی پۆرفرین (Injectable porphyrin derivatie) دەتوانێت وزەی مژراوی لەیزەر زیاد بکات لەلایەن شێرپەنجەکەوە، لەگەل سوودی کەمکردنەوەی ئازارەکە (Palliative benefit)، بەلام لەوانەیە هەستاری یەکی گشتی پێست جێبهێڵرێت بۆ رووناکی خۆر بۆ ماوەی (4 ـ 6) هەفتە.

2. **بۆری دانانی سورێنچك** (Esophageal

Stenting): بە لایەنی کەمەوە (17) ئامێر دەست دەکەوێت بۆ بۆری دانانی سورێنچك، نزیکەی (15٪) ی ئەو نەخۆشانەی بە دەست داخرانی سورێنچکەوە دەناڵێنن بەهۆی شێرپەنجەی پیسی سورێنچکەوە (Malignant esophageal tumaur) کاندیدن بۆ دانانی بۆری سـورێنچك ئەمەش دەکرێتە ناوەوە بەهۆی بۆریەکی پاڵنەرەوە (Pusher tube)، کە دەتوانرێت لۆد بکرێت بەهۆی ئامێرێکی باریکەوە، کە دەکرێت بە کونی بۆرییەکەدا بۆ فراوان کردن (Bougie) یاخود بەسـەریەوە هەناو بینێك (Endoscope) هەیـە، کە دەتوانرێت فراوان بکرێت دوای دانانی، میتۆدی دوایی ڕێگەمان دەدات بۆشایی یە داخراوەکە ببینین، ڕێژەی سەرکەوتنی (90 ـ 97٪) ە.

سوودەکانی بۆری دانانی سورێنچك(Advantages):

باش بوونی توانای قوتدانی لیك و گەڕانەوەی خۆشی خۆراك خـواردن لەڕێگەی دەمەوە، باش بوونی یاخود قەدەغەکردنی سییەسـۆ بەهۆی گەڕانەوەی ترشەلۆکی گەدە بۆناو سییەکان (Aspiration pneumonia)، کەلەڕێگەی کەناڵە پەیوەندی سـورێنچك و سـی یەکانەوە (Esophageopulmonary fistula) ڕوودەدات و، سـەربەخۆی لـە چاودێریکردنـدا بە بێ نەخۆشخانەو پزیشك هەروەها بەسەر بردنی کات لەگەڵ خێزان و هاورێکاندا مایەی ئاسوودەیی ڕێژەین.

ئەو حاڵەتانەی کە نابێت بۆری سـورێنچك دابنێین (Contraindication): بریتین لە: گەر شێرپەنجەکە 2 سم کەمتر لە خوارەوەی دەرچەی سەرەوەدا (Uppersphincter) بێت، گەر بۆری دانانەکە بۆ ماوەی کەمتر لە (6) هەفتە بێت یاخود بۆچوونە سـنوردارەکانی ژیان، یان لەو نەخۆشـانەی کـە هاوکار نین یاخـود یاریدەدەر نین لـە دانانی بۆریەکەدا (Uncooperativeness).

کاریگەرییـە خراپەکانـی بـۆری دانـان (Complications): کـە ئەمانـە دەگرێتـەوە: کون بوون و درانی سـورێنچك (Perforation) لـە جێ چوون یاخود دانەنانی لەشـوێنی خۆیـدا (dislocation)، گەشـەکردنی زۆری شێرپەنجەکە (Tumour over growth) نیشانەکانی گەڕانەوەی ترشـەلۆك لە گەدەوە (Reflux Symptoms)، لەگەڵ دەرکەوتنی تەسـك بوونـەوەدا (Stricture)، یاخود مردنی خانەکان بەهۆی پاڵەپەستۆوە (Pressure necrosis)، یاخود بەردبوون یان ڕەق بوونی تەنۆکە دەرەکیەکان (Foreign body impaction) لەگـەڵ داخرانی سـورێنچکداو، خوێـن بەربـوون و، شکسـت هێنانی بـۆری دانـان، ڕێژەی کاریگەرییـە خراپـەکان (درەنگ و زوو) بریتییـە لە (10 ـ 25)٪.

3. **خۆراك پێدان لەڕێگەی کونێکی دەسـتکردەوە کـە دەکرێتـە گـەدەوە** (Feeding gastrostomy) ئەمە زۆر بەکارناهێنرێت چونکە نابێتە هۆی باش بوونی نارەحەت قوتدانەکە، کە وا دەکات لەو نەخۆشانەی کە داخرانێکی تەواو یان نزیکە تەواوی سورێنچکیان هەیە، هەرچی ڕژاوەکان و لیك هەیە بیکەنە دەرەوە، مەودای ژیانیش درێژناکەنەوە، هەروەها مەترسی نەخۆشی و مردنیشیان هەیە.

4. **خسـتنە نێوانـی کۆڵـۆن** (Colonic interposition): ئەمەش بۆ ئەوەی لە ناوچەی داخرانەکەدا دابنرێت لە سـورێنچکدا، تەنها لەوانەشدا ئەنجام دەدرێت کە کاندیدکراون بۆ نەشتەرگەری، لەوانەی کە پاشماوەی گونجاوی گەدەیان ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت، بەهۆی لێکردنەوەی پێش وەختی بەشێکی گەدەوە، ماوەو تەنینەوەی نەخۆشیەکە، یان نەخۆشی دیکەی سورێنچك.

5. **تیشـکاوی کردن بـە گورزە تیشـکی دەرەکی** (External beam irradiation) یـان چارەسـەری مەودا کورتی ناو بۆشایی ئەندامەکە (سورێنچك) (Endoluminal brachytherapy)، کە دەتوانێت ببێتە هۆی کشانەوەو کەم کردنەوەی قەبارەی شـێرپەنجەکە لەگەڵ کەمکردنی ئازار و نارەحەتی یەکان لە هەندێك نەخۆشـدا لە (70 ـ 80) ٪ ئەو نەخۆشانەی کە نارەحەت قوتدان (Dysphagia) یان هەیە، تێبینی باش بوونی پرۆسەی قوتدان دەکرێت دوای تیشکاوی کردن بە گورزە تیشکی دەرەکی.

ئەم جۆرە تیشکاوی کردنە دەتوانرێت لەو نەخۆشانەدا بەکاربهێنرێت کەپێشـتر چارەسـەری تیشـکیان بۆ کراوە و دیسانەوە شـێرپەنجەی لۆکاڵی گەشەی کردووەتەوە (Local tumour regrowth) کە بۆتە هۆی نارەحەت قوتدانەکە.

ج . **چارەسەری تاکە مۆدالی** (Single –modality treatment):

1. **چارەسەری تیشکی بەتەنها** (Radiotherapy alone): چارەسەری تیشکی بەدۆزی 6000 سی ـ گای (cGY 6000) دەبێتە هۆی ڕێژەی ڕزگاربوونی یەك ساڵی، دوو ساڵی، سێ ساڵی، پێنج ساڵی بە پلەی 33 ٪، 12 ٪، 8 ٪ یەك لەدوای یەك، ئەو نەخۆشانەی کە چارەکراون بەچارەسەری تیشکی لە تاقیکردنەوەیەکی بی پلاندا، کە تیایدا وەڵامدانەوەی نەخۆشەکان بۆ چارەسەرەکە وا دەکات کە ڕێگە بدرێن بەبەردەوام بوونی چارەسەرەکە، هەتا لێکردنەوەو دەرهێنانی شێرپەنجەکە (tumour resection) بە گوێرەی سەلیقەو کارامەیی پزیشکەکە.

2. **نەشتەرگەری بەتەنها** (Surgery alone): پەیڕەوە نەشتەرگەریەکان کە جێبەجێ دەکرێن لە دەرهێنانی سورێنچکدا لەسەر شوێنی شێرپەنجەکەو پەسەندکردنی پزیشکەکە بەندەو، دەرهێنانی سورێنچك بە تێپەڕبوون بەناو بۆشاییەکەدا (Transhiatal esophagectomy) یاخود پەیرەوی ئیڤۆر – لویس (Ivor – Lewis Procedare)، کە پێویستی بە کردنەوەی بۆشایی سنگ (Thoracotomy)، و بۆشایی سك (Laparotomy) هەیە لە (25-30)٪ ئەو نەخۆشانەی کەدەرهێنانی تەواوی سورێنچك تیایاندا گونجاوە، ڕێژەی ڕزگاربوونی – 5 – ساڵە لە مردن (15-30)٪ ە.

3. **چارەسەری کیمیاویبەتەنها** (Chemotherapy alone): هەڵبژاردنی چارەسەری کیمیاوی لەشێرپەنجەیسورێنچکدا لەسەر ئەمانەی خوارەوە بەندە:

1. شوێنی شێرپەنجەکە.
2. قەبارەی شێرپەنجەکە.
3. بوون یان نەبوونی بڵاوبوونەوەی شێرپەنجەکە.
4. جۆری خانەی شێرپەنجەکە.

ئەمە بەدگمەن مۆدالی کاریگەرو کپ کەرەوەی ئازارە لەو نەخۆشانەی کە شێرپەنجەی سورێنچکیان هەیە، و کاتێك چارەسەری کیمیاوی جێبەجێ دەکرێت، پێویستە لەگەڵ ڕێگە چارەی تیشکی و ڕێگەی میکانیکیدا ئەنجام بدرێت، ئەمەش بەمەبەستی باش بوون و کەم کردنەوەی نارەحەت قوتدانەکە (Dysphagia).

وەك لە شێرپەنجەی گەدەدا، ئەو وەڵامەی کە شێرپەنجە بۆچارەسەری فرەدەرمانی کیمیاوی (Multiagent Chemotherapy) هەیەتی، کورتترەو کەم دەخایەنێت، واتە بۆماوەیەکی کەم بەکاردەهێنرێت.

د. چارەسەری مۆدالی یەکگرتوو (Combined Modality Therapy):

1. **چارەسەری تیشکی پێش نەشتەرگەری یان پاش نەشتەرگەری**، بەتەنها لەوانەیە ڕێژەی دووبارەبوونەوەی لۆکاڵی یان هەڵدانەوەی لۆکاڵی (Local recurrence rate) کەم بکاتەوە، بەڵام کاریگەرییەکی تەواو و ئاشکرای نییە لەسەر تێکرایی ڕزگاربوون لەمردن (Median Survival rate) بەهەمان شێوە نەچارەسەری کیمیاوی پێش نەشتەرگەری





یان چارەسەری کیمیاوی پاش نەشتەرگەری (وەك تۆمارکراوە لەشەش تاقیکردنەوەی هەڕەمەکیدا) بەتەنها ناتوانن ئەنجامەکان بەباشی بگۆڕن لەشێرپەنجەیسورێنچکدا.

2. **چارەسەری سەرەتایی بەبێ نەشتەرگەری** (Primary therapy Without Surgery) لەو نەخۆشانەی کەلەژێر پلانی نەشتەرگەریدا نین بەهۆی نەخۆشی دیکەی درێژخایەن وەك (شەکرەو بەرزی پاڵەپەستۆی خوێن، یان نەخۆشی دڵ، یان ڕەبۆ (Asthma) یان نەخۆشی درێژخایەنی داخرانی بۆرییەکانی هەوایان هەیە (Chronic obstructive airway disease (COPD) یان هەڵبژاردنی نەخۆش یاخود

پزیشك. چارەسەری كیمیاوی و چارەسەری تیشكی یەكگرتوو دەبنەهــۆی بەرزكردنــەوەی ڕێــژەی ڕزگاربــوون لە مردن بۆماوەیەكی زۆرتر بەبەراورد لەگەڵ نەشــتەرگەری بەتەنها لەتاقیكردنەوەیەكــی چاوەڕوانكــراوی هەرەمەكیــدا، ئــەو نەخۆشانەی كە شێرپەنجەی خانە پولەكەییەكان یان ڕژێنە شێرپەنجەی سورێنچكی ناو سنگیان هەیە چارەسەری مۆدالی یەكگرتوو (5-فلۆرۆ یۆراسیل (5-flurourcil) + سیس پلاتین (Cisplatin) لەگــەڵ 5000 ســی – گــای (c GY 5000) لەچارەسەری تیشكی دەبێتەهۆی زیادبوونی تێكرای ڕزگاربوون لــە مردن (9 مانگ بەرامبــەر 12.5) كاتێك بەراورد بكرێت لەگەڵ چارەسەری تیشكی بەتەنها (6400 سی – گای).

ڕێژەی دووســاڵەی ڕزگاربوون لە مــردن (2-Year Survival rate) بۆ ئەو نەخۆشــانەی كەلەژێر چارەسەری كیمیاوی و تیشــكی یەكگرتوودان ٪38 ە، بەبــەراورد لەگەڵ ٪10 بۆ ئەوانەی لەژێر چارەســەری تیشكی دان بەتەنها، ئەو نەخۆشانەی كە چارەســەری مۆدالی یەكگرتوویان ئەزموون كــردووە یــان بەكارهێنــاوە ڕێــژەی دووبارەبوونــەوە یان هەڵدانەوەی لۆكاڵی و دوور (Distant) یان كەمی كردووە، بەڵام لــەم حاڵەتەدا ژەهراوی بوون زیاترەو، زۆرینەی ئەو ژەهراوی بونانەش كوشندەن یاخود هەڕەشە لەژیان دەكەن تەنها نیوەی ئەم نەخۆشانە هەموو پلانی زنجیرەی چارەسەرەكیمیاوییەكە وەردەگرن.

چارەســەری كیمیــاوی و نەشــتەرگەری (Chemotherapy and surgery): ڕێژەی وەڵامدانەوەكان بۆچارەســەرە كیمیاوییە ئازاركــوژەكان دەتوانرێت بەرزبێت لــە ڕێــژەی (40 – 50) ٪، نزیكەی هەتا ٪25 ی نەخۆشــە چارەسەركراوەكان لەوانەیە تەواو چالاك ببن. لەگەڵ ئەوەشدا چارەســەری كیمیاویی پێش نەشــتەرگەری بە سیس پلاتین (Cisplatin) و 5- فلۆرۆ یۆراسیل(5Fu)، ڕزگاربوونی تەواو یان سەراپاگیر نابەخشێت گەر بەراورد بكرێت بەنەشتەرگەری بەتەنها، لەتاقیكردنەوەیەكی هەرەمەكی لە 440 نەخۆشــی شێرپەنجەی خانە پولەكەییەكانی سورێنچكدا.

4. **چارەسەری سیانە مۆدالی** (Triple – modality therapy): هەردوو چارەسەری كیمیاوی پێش نەشتەرگەری (Preoperative Chemotherapy) و چارەسەری تیشكی (Radio therapy)، دەبنــە هــۆی زیادبوونێــك لە ڕێژەی ڕزگاربوونی سێ ســاڵە لەمردن (3-Year survival rate)، هەروەها تێكرای ڕێژەی ڕزگاربوون

بەرزدەكەنەوە لەدووتاقیكردنەوەی هەرەمەكیدا (Randomized trial)، بە بەراورد بە نەشــتەرگەری بە تەنهایی لــە تاقیكردنەوەیەكی قۆناغی ـــ 1 ـــ ی (Stage – I-) قۆناغــی – 2- (Stage – II) و شــێرپەنجەی پولەكەیــدا دەركەوتووە كە ســەراپای ڕێژەی ڕزگاربوونی نەگۆڕاوە یاخود باش نەبووە بە جێبەجێ كردنی سیستمی چارەسەری سێ مۆدالی.

لە تاقیكردنەوەیەكی دیكەدا كە هەردوو شێرپەنجەی پولەكەیــی و ڕژێنــە شــێرپەنجەی تێدابوو، لــە ئامارەكەدا دەركەوتــووە كــە زیادبوونێكــی بەرچاو هەبووە لــە ڕێژەی ڕزگاربوون لە مردن بەئەنجامدانی سیستمی چارەسەری سیانە مۆدالی.

ئەو نەخۆشانەی كە وەڵامدانەوەیەكی تەواویان هەیە بۆ نەشــتەرگەری ڕێتێچونی 50 ٪ یــان هەیە بۆ ڕزگاربوون لەمردن.

ع. **نەخۆشی گەشەسەندوو** (Advanced disease): وەڵامدانەوەكان بۆ چارەســەری كیمیــاوی تاكە مۆدالی (15 ـ 20)٪ جوزئین و بۆماوەیەكی كورت و كەم جێبەجێ دەكرێن كە بریتی یە لە (2 ـ 5) مانگ.

بەكارهێنانی هەردوو چارەســەر كیمیاوی (كەسیس پلاتیت و ـ 5 ـ فلۆرۆیۆراســیل دەگرێتەوە)، لەگەڵ تاكســان (Taxane) هاوتایە لەگەڵ ڕێژەی وەڵامدانەوەی (15 ـ 80)٪ لەگەڵ تێكــرای وەڵامدانەوەی 7 مانگی بۆ چارەســەریەكەو ژەهــراوی بوونێكــی زۆر، لەگەڵ ئەوەشــدا بــەرزی ڕێژەی وەڵامدانەوەكان بۆ چارەسەرییەكان نابێت یان پێویست ناكات بــەوە لێكبدرێتەوە، كە ســوودی بەرچاو لە چارەســەریەكە وەرگیراوە لە لایەن نەخۆشەكانەوەو، ئەنجامەكانیش تا ئێستا هەر بە خراپی ماونەتەوە.

References ; 1. Manual of clinical oncology ,fourth edition 2001

Edited by dennis A.casciato and Barry B.Lowitz.

2. Lectures of medical college of sulaimani university.

3. Clinical anatomy ,Richard S. snell ,fifth edition 1995